# ڕوونکردنەوەیەك
# لە "شێرکۆ بێکەس"ەوە
# بۆ سایتی ئاوەدانی "دەنگەکان"

دوای ڕێز و سلاو

برای بەڕێز کاك "ئیسماعیل حەمەئەمین"ی نووسەرو ئەدیب لە سایتەکەتاندا وتارێکی بە ناونیشانی "ڕەهەندە مەترسیدارەکانی سروودەکەی شێرکۆ بێکەس" بلاوکردبۆوە، کە تیایدا بیروڕاو سەرنجی خۆی بەرامبەر بە سروودەکەو سروودی "ئەی ڕەقیب" نیشاندابوو. من لەم ڕوونکردنەوە درێژەدا نامەوێ بچمە ناو وردەکاریو قولایی ئەو قسانەوە کە کاك ئیسماعیل کردوونی، بەتایبەتی ئەو دێڕانەی کە لە ڕەوتو سیاقی باسکردن لە سروودەکان دەرچوونو هاتوونەتە سەر گەلێ لایەنی تری بەشێك لە شیعرەکانی ڕابوردووم یان هەڵوێستی سیاسیم. ئەمەش نەك لەبەرئەوەی پەشیمان بم یان نکوڵی لەو شیعرو هەڵوێستانە بکەم، بەڵکو لەبەرئەوەی پێموایە ئەو قسە یان تێڕوانینانە تازەنینو لەماوەی بیستو پێنج ساڵی ڕابوردوودا گەلێ کەسی تر کردوویانەو منیش ئەگەر بەپێویستم زانیبێ لەکاتی خۆیدا وەلامم داونەتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو مشتومڕانە زۆرجار ناخۆشیو دڵڕەنجانو بەدحاڵیبوونی لێ دەکەوێتەوە، لەڕاستیدا ناشمەوێ دووروونزیك لەگەڵ برای خۆشەویست کاك ئیسماعیلدا بگەمە ئەو دەرەنجامە ناپێویستانە.

لەبارەی سروودەکەوە، وەك کاك ئیسماعیل دەڵێت، من بێدەنگ نەبوومو لە کاتی خۆیداو لە ژمارە (271)ی ڕۆژی 2006/12/16ی هەفتەنامەی "میدیا"داو بەناونیشانی "کەس ناتوانێ سروودی نیشتمانی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ" وتارێکی کورتم بلاوکردبۆوە. ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگە، چ لەو وتارەداو چ لە گفتوگۆی نێو ڕۆژنامەکانی تردا، چ منو چ هونەرمەند کاك هەڵکەوت زاهیر چەند جارێ تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەم سروودە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دانەنراوە کە بەهیچ شێوەیەك جێگەی سروودی "ئەی ڕەقیب" بگرێتەوە. من داوادەکەم لە کاك ئیسماعیلو بینەرانی ئەم سایتە بەڕێزەیش ئەو وتارە کورتە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابن چیم وتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا بەپێویستی دەزانم دیسانەوە خاڵە گرنگەکانی ئەو وتارەو باری سەرنجی خۆم بەرامبەر بە قسەکانی برای خۆشەویست کاك ئیسماعیل لەم سایتە جوانەدا بخەمە پێش چاوی هەمووان:

1- بیرۆکەی دانانی ئەم سروودە بۆ نزیکەی دووساڵێ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی بەسەردان لە سوید بوومو دواتریش بۆ یەکەمجار خواستی هونەرمەند کاك زیاد ئەسعەد بوو، دواتریش هەردوو هونەرمەند کاك ئەنوەر قەرەداخیو کاك هەڵکەوت زاهیر، دووروونزیکیش ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە خواستی حکومی یان حیزبی یاخود

سیاسەتەوە نییە. تەنها وەك سروودێکی نیشتمانی تازەو هیچی تر. پێموایە لەباتی سروودێ یان دوو سروود، بوونی چەند سروودێك، ئەگەر قازانجی نەبێت، زیانی نییە.

2- من بۆخۆم لەم بارەیەوە هیچ جۆرە بەرپرسێکی حکومی یان حزبی هیچ لایەنێکم نەبینیوە، تەنها دووجاریش کاك هەڵکەوتم بینیوە، کە تێکستەکەی وەرگرتوەو دوایش کە تەواوی کردووە.

3- سروودی "ئەی ڕەقیب" لە دەمێکەوە بەسەر زاری خەڵکیەوەیە، سروودێك نییە بە هاتنی سروودێکی تر لەبیربچێتەوە یان بەلاوەبنرێ. تەنها ئەوەندە هەیە من بۆ خۆم ڕام وایە، وەك چۆن دێڕی جوانو بەهێزی تێدایە، دێڕی وایشی تێدایە لە ڕووی مێژووییەوە جێی گومانە. بۆ نموونە، ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین. ئێ ئەوا هەرچۆنێك بێ میدیامان قبوڵە، بەڵام کەی خوسرەو کێیە؟! یان لەلایەکی ترەوە سروودەکە بەتەنها دەنگی پیاوانو ڕەگەزی نێری کوردەو ژنی کورد ناوی بزرە. ڕوو لە داهاتوو نییەو لە ڕابوردوودا چەقی بەستووە. ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ ئەو کرانەوەو شەفافیەتو لەو فەزا ئینسانییەی ئەمڕۆوە دوورە.

4- من بۆخۆم بەهیچ جۆرێ هەڵپەی ئەوەم نییە تێکستێکی من ببێتە سروودی نیشتمانی یان نا، چونکە نەهیچم لێ زیاددەکاو نە هیچیشم لێ کەمدەوکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی هەروەکو لە وتارەکەی "میدیا"یشدا ئاماژەم بۆ کردووە، تەنانەت ئەگەر بڕیارێك هەبێ بۆ گۆڕینی سروودی نیشتمانی - کە دیارە نییەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئەمەی وت- پێویستە پڕۆژەیەکی وا بخرێتە کێبڕکیەوە، چ بۆ تێکستەکەو چ بۆ میلۆدییەکە. من شاعیرێکم، بەڵام چەندین شاعیری بەتواناو بەهرەداری ترمان هەیە.

5- من ئەو تێکستەی خۆم بە سادە دەزانم، بەڵام بۆ سروود دەبێ وابێ.

6- لە پەراوێزی هەندێ قسەی تا ڕادەیەك ڕەقو تووڕەی کاك ئیسماعیلدا، کە من بۆ خۆم بە سنگفراوانییەوە وەریان دەگرم، دەڵێم: دەزگای سەردەم بۆ من نەکراوەتەوە! بۆ چاپو چاپەمەنی کوردیو هەموو ڕووناکبیران کراوەتەوەو منیش یەکێکم لەوان. حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوێتیەوەو لەماوەی نۆ ساڵی ڕابوردوویشدا سەربەخۆیی کارەکانمانو کتێبو گۆڤارەکانمان شایەت حاڵی زیندوون. من حەزدەکەم برای ئازیز کاك ئیسماعیل یەك بەڵگەی زیندوو نیشانی هەمووان بدات کە ئەوە بسەلمێنێ ئێمە لە کاروباری خۆماندا سەربەخۆنەبووین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی یەکێتی بێت یان حکومەت کارێکی خراپیان کردووە کە ئەم دەزگایەیان کردۆتەوە یان باش؟! من بەش بەحاڵی خۆم دیوی جوانو دیوی ناشیرینی هەموو شتەکان دەبینم، بەڵێ گەندەڵیو چاوچنۆکیو بیری تەسکی حزبایەتیو ژیانی ناهەمواری ئابووریو زۆر خەوشیی تریش لەناو دەسەڵاتی سیاسیدا دەبینین، بەڵام ئەگەر "کەمیش بن" کاری جوانیش کراون! مرۆڤی پاكو جوانیشمان هەن.

7– لەبارەی قسەکانی تری کاك ئیسماعیلەوە، وەك وتم، نامەوێ بچمە ناو درێژەی ئەو باس‌و خواسانەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم من بۆ خۆم خاوەنی سەری خۆم بووم‌و ئێستەش هەروەها. من حزبی نیم، ئەگەر حزبیش بوومایە سڵم نەدەکردەوە لەوەی بیڵێم. لەڕاستیداو تکایە مەیخەنە خانەی خۆهەڵکێشانەوە، من بالآی شیعرو هەڵوێستی خۆم لە هیچ سەرکردەیەکی کوردی ئەمڕۆ لەم بەشەی کوردستاندا بە کەمتر نازانم. شاعیری پووت‌و موهەڕیج دیارە لەبەر دووشت خۆی ڕیسوادەکات، یەکەمیان پلەوپایەو دووەمیان ماڵی دنیاو پارەو پوول. بەعس هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی داو لەو کاتە مەترسیدارەدا من شیعرم بۆ نووسیوەو نە بەرپرس بووم‌و نەکراوم بە هیچ‌و فەرمانبەرێکی بچووك بووم. دوای ڕاپەڕینی 1991و لە یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کراوم بە وەزیر، بەلآم هەر خۆیشم بەئیرادەی خۆم‌و لەبەر پێشێلکاریی کاربەدەستان وازم لێ هێنان. ئەم قسانە هیچی بۆ بەرگریکردن نییە لە خۆم، چونکە من خاوەن عەیب‌و عار نیم تا پێویستیم بەو بەرگریکردنە هەبێت.

بەهەرحاڵ، سوپاس بۆ کاك ئیسماعیل کە ئەم دەرفەتی قسەکردنەی بۆ ڕەخساندم. سوپاس بۆ هەموو بینەرانی ئەم سایتە جوانەیش کە گوێیان بۆ شلکردم. هەر بژین.